Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10313

# بەشداریکردنی ژنان لە فراوانکردن و بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام لە دەورانی مەککەدا

**کوردستان رزگار عمر**

کۆلێجی زانست، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە لە جێگاو کەسایەتی ژنان لە سەرەتاکانی هاتنی ئیسلام دەکۆڵێتەوە،هەروەها دەکۆڵێتەوە لەرۆڵی ژنان لە سەردەمی مەککەدا .لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بەسود وەرگرتن لە ڕێگای شیکاری بەپشت بەستن بە سەرچاوەی سەرەکی و لێکۆڵینەوە نوێیەکان کەسەبارەت بەڕۆڵی ژنان لە فراوانکردنی بانگەشەی پێغەمبەر(صل الله علیه وسلم) لە دەوران مەککە کراوە ،ئەم توێژینەوە دەری دەخات کە جگەلە سەیرکردنێکی گاڵتە ئامێزی عەرەب پێش ئیسلام نسبەت بەژنان و جێگای ئەو لە ژیانی ڕۆژانە کۆمەڵگا ی ئەو سەردەمە،ئەرکی پێغەمبەرایەی بۆهۆکاری ئەوەی کە ژنان نەتەنها مەنزلەت و شەرەفی لەدەست چوی خۆیان بگێرنەوە بەڵکو رۆڵێکی گەورە و کاریگەریان لە پارێزگاری کردن لە ئاینی ئیسلام و بڵاوکردنەوەیدا هەبوو.هەروەها لەئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت کە هەندێك لەژنان لەدەورانی مەککەدا لەئەنجامی پارێزگاری کردن لە ئاینی تازە هەنگاویقوربانی دان و شەهید بونیان ناوە ،وباشترین و ئازیزترین سەروەتی خۆی کە هەمان گیانی شیان بێت پێشکەشکردوە،بەشێوەیەك کە خاتوو سمیە بەیەکەمین شەهیدی ڕێگای ئاینی ئیسلام بوو لە مێژووی ئیسلامدا ناودەبرێت،هەروەها هەبوونی کەسایەتیەکی بەهێز و جێگای شانازیەوەکو خاتوو خەدیجە لەپاڵ پێغەمبەری بەرێزی اسلام ببوەهۆکاری تا لەپاڵ پاریزگاری معنوی ئەم خاتوونە بەڕێزە لە پیغەمبەر رحمەت،لەلایەنی مادیش تەواوی سەرمایەی خۆی لەڕێگای بڵاوکردنەوەی وفراوانکردنی اسلام لەبەرامبەر پلانی دوڕوەکان سەرف بکات،.بۆیە لێرەدا دەکرێت بڵێن کاریگەری ژنان لە دەوران مەککەدا لە دیفاعکردن لە کیان اسلام و بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام کاریگەریەکی زۆریان هەبووە.

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

***Keywords***

ژن لەشارستانیەتە جیاوازەکاندا،خاتوو خەدیجە،هاوسەری ابو لهب.

***Corresponding Author***

**Kurdstan.rzgar22@gmail.com**

## پێشەکی

پێش هاتنی ئیسلام بە جێگاو شوێنی ژن هیچ گرنگیەك نەدراوە،پیاوان ژنیان وەکو بونەوەریکی هەبوو لەنێوان بونەوەر و ئاژەڵ دەبینی.ژنیان تەنها بۆ خزمەتکاری و هێنانی منداڵ و نەوە بەکارهێناوە.هەتا تاوەکو دەرکەوتنی ئیسلام کچ کوشتن و زندەبەچاڵکردنی لەنێو عەرەب وەکو نەریتێك وابووە،چونکە گەلی عەرەب هەبوونی کچیان بەمایەی سەرشۆری و ئابرووچون دەزانی،وە لە قورئانی پیرۆزیشدا ئاماژە بەم کردارە کراوە وەك و لە ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیەدا باسکراوە،کەهەرکاتێك هەواڵی لەدایك بونی کچ بەیەکێکان بدرایە دەموچاوی ڕەش هەڵدەگەڕاو وتوڕ دەبوو(هەروەها لەناو خێڵەکەیشیدالەبەرئەوەی ئەم هەواڵە خراپەی پێدرابوو زۆر خۆی بە ئابروچوو دەزانی نەیدەزانی کە ئایا ئەم کچەی بە ئابرووچویی گەورەی بکات یا بیخاتەناو خاك و زیندەبەچاڵی بکات)هەرچەند ڕازی بون بەوەی کە بڵێن کچان هی خوان بەڵام رازی نەبون خۆیان خاوەن کچ بن و بەمایەی سەرشۆری و عەیبان زانیوە.بەڵام ئیسلام کە ئایین دادپەروەری و انصافە ،ژن و پیاوی لەڕوی اخلاق کۆمەڵایەتیەوە بەرامبەر یەك داناوە وە تایبەتمەندیەکی زۆری بە ئافرەت داوە وە پارێزگاری لێکردوە،ئەو بابەت کە ئیمە بەدوایوە بون بۆ ئەوەی پێ بگەین ئەوەیەکە ئایا ئاینی ئیسلام چی گۆڕانکاریەکی لەژیانی ئافرەت دا کردوە وە هەروەها ژنان چ ڕۆلێکیان هەبوو لە بلاوکردنەوەی

ئاینی ئیسلام،بۆیە ئیمەش هەستاوین بە توێژینەوە لە رۆڵی ژن لە بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام لە سەردەمی کە لە مەککەدا بوون.هەروەها بەهۆکاری سنورداری لە نوسینی ئەم توێژینەوە کە بۆ توێژەر لە ئارادا هەبوو،رونە کە ئەنجام و تەواوکردنی توێژینەوەکە درێژدەکردوە کە ئەگەر فراوانتر بوایە هەروەها کەمی سەرچاوەش هۆکارێکی تر بوو کە نەمانتوانیوە زیاتر لەم بارەیەوە قسە بکەین.هیوادارم ئیوەش بەچاوێکی گەورە سەیری بابەتەکە بکەن هەروەها چاو لە کەموو کورتیەکان بپۆشن.

ئامانجی توێژینەوە:ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەوە ئەکادیمیانەیە دەربارەی رۆڵ و کاریگەری ژنان لە بانگەشەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لە مەککەدا لەسەرەتای بانگەشەکەوە تاوە کۆچکردنی موسڵمانەکان بۆ مەدینە کەباسی چەند خاتوونێکی بەرێزمان کردووە کە زۆر بەکەمی دەبینرێت لێکۆلینەوەیەك هەبێت باسی رۆڵی ژن بکات لەم دەورانەدا بکات کە ئێمە بتوانین تێبگەین ژن کەلەپێشوتردا لەکۆمەڵگایەکدا دەژیا تەنها وەکو کاڵاو شتومەك دەبینرا رۆڵی چیە بوە وە ئایا هیچ کارێکی کردوە بۆ سەرخستنی ئاینی ئیسلام..

میتۆدی لێکۆڵینەوە:لەم لێکۆڵینەوەدا پەنامان بردۆتە بەر بەکارهێنانی چەندین میتۆدی جیاواز بۆگەیشتن بە ئەنجام و شیکاری بابەتەکە،بەڵام زۆرجار هەوڵدراوەلەنوسینی ئەم توێژینەوەدا پشت بەمیتۆدی لێکۆلینەوەی مێژووی شیکاری و رەخنەی ببەسترێت،ئەمەش بەتێرامان و وردبونەوە لەسەرچاوە مێژوییەکانی تایبەت بەبابەتەکە گرفتی توێژینەوە:نوسین دەربارەی رۆڵ و کاریگەری ژن لەدەوران ئیسلامی بەتایبەت سەردەمی رسول خودا گرفتی خۆی هەیە چونکە تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی ورد و زانستی لەوبارەیەوەنەکراوە،وە هەروەها زۆربەی سەرچاوەکان لەزمانی بیانیەوە وەرگێرانم بۆکردوە بەتایبەت سەرچاوە فارسیەکان وە هەروەها عەرەبیەکان وە هەروەها لێکۆڵینەوەیەك نە نوسراوەتایبەت بەم بابەتە بەڵام ئێمە توانیومانە تا رادەیەك بەسەرئەم گرفتەدا زاڵبین.

سەرچاوەی توێژینەوە:لەم توێژینەوەیەدا چەندین سەرچاوەی گرنگ بەکارهاتوە کە هەمویان سەرچاوەی سەرەکی و گرنگن وەکو( رسول جعفريان:سيره رسول خودا،صفى الرحمن المباركفورى:گوڵاوی سەرمۆر،نورى،يحيى:حقوق زن در اسلام،مجليسى،محمد باقر:بحار الانوار)).

ناوەڕۆکی توێژینەوە:توێژینەوکە پێکهاتوە لە پوختە و پێشەکی و رۆڵ وکاریگەری ژنان لە بانگەشەی پێغەمبەر(صل الله عليه وسلم)لە خۆ دەگرێت کە بەم شێوەیە دارێژراوە(لە تەوەری یەکەم باسلە کراوە،تەوەری دوەم،تەوەری سێیەم،تەوەری چوارەم وە هەروەها لەکۆتایدا ئەنجامی توێژینەوەکە خراوەتەرو .

## تەوەری یەکەم:

١- ژن لە شارستانیەتی یونانی دا:

یونان لە روی شارستانیەت و معارف و پێشکەوتنی فکر و معنوی مێژوییەکی درەوشاوەی هەیە.هەرچەند مصریەکان و هندیەکان و گەلەکانی تری رۆژهەڵات پێش یونان چونەتە ناو چوارچێوەی شارستانیەتەوە.بەڵام شارستانیەتی ئەمانە هەریەکەو لەرویەکەوە رۆیشتوەو شێوەی کۆمەڵگەی تەواوی وەك یۆنان نەبوە ،لەکاتێکدا شارستانیەتی یۆنان یە شارستانیەتی کۆنی جهان یارمەتی دەرێکی گەورەبوە.

شارستانیەتی یۆنان لە سەدەی پێنجەم پێش میلادی گەیشتۆتە لوتکەی گەشەسەندن و جوانی،ئەم وڵاتە دەکەوێتە باشوری رۆژهەڵاتی ئەوروپا و دەکەوێتەلە باشوری رۆژئاوای شبەجزیرەی بەلقان کە نسبەت بە یۆنای کۆن زۆر بچوکتر و دیاری کراوترە.هەرچەند سەرزەمین یونان بەیەکێك لە درەوشاوەترین و فراوانترین شارستانیەت لەو رۆژگارنەدا دەژمێردرێت بەڵام وضعیت ژن لە هەمو رویەکەوە خوارو چەوساوە بووە بەهیچ شێوەیەك هاوتای ئەو پێشکەوتنەی یونان نەبوە ،لە اسطورەی یونانیدا ژنێك سەرچاوەی بەدبەختی و گرفتاری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیەبەناوی پندوار کە خەیاڵە وکەلی یونان لەهەمو رویەکەوە ژنیان بە خراپەو زلیلی داناوە(على اكبردهخدا،1139/321)لەم روەوە سقراط هەلسوکەوتی لەگەڵ ژندا بەیەك جۆر لە ئەشکەنجە دەزانی لەکاتێکدا لەناو ئەندامانی خێزانێکدا کوران مافی خوێندن و و فێربونی زانستە جیاوازەکانی ئەو سەردەمەیان هەبوبەڵام کچەکان دەبو لەماڵەوە بمانایەتەوەو ئیشوکارەکانی ماڵەوەیان ئەنجام بدایە(مريم نورالدين فضل الله،25:1405)

ویل دورانت ئەڵێت یەکێك لە هۆکارەکانی شارستانیەت کۆنی یۆنان دەگەرێنێتەوە بۆ بەشداری نەکردن و رۆڵ ژنان لە کاروباری ئەو سەردەمە(ویل دورانت،2:1376).بەکورتی ژن لە شارستانیەتی یونان جگەلە کاڵایەکی بازرگانی لەبازاردا کە کرین و فرۆشتنی پێوە دەکرا و لەدوای مردنی هاوسەرەکەی حقی ژیانکردنی نەدەما(يحى نورى،15:1353)

ژن لەشارستانیەتی هند. ژنان لەم سەرزەمینەشدا واها لێیان روانیون کە سەرچاوەی نەهامەتی وخواری کۆمەڵگەن و دەبێت خۆت بەدوربگریت لێیان و پشت نەبەستن بەژن بەشێك بوە لەیاساکانی جینی ئەم وڵاتە(يحى نورى،108:1353)وە هەروەها پێیان وابوە ژن دەبێت هەمیشە لە ژێر سەرپەرەشتی سەرەتا باوك دواتر هاوسەرو لەپاشانیش کورەکەی.(ویل دورانت،563:1376)

هەروەها لەسەرزەمین ایران کۆندا هیچ جیاوازیەکی نەبو لەگەڵ ئەم ناوچانەدا بەتایبەت لەسەردەمی مزدەك کەرای گەیاند پیاوان دەتوانن هاوسەری زۆریان هەبێت و هەروەها

دەتوانن هاوسەرگیری لەگەڵ دایك –خوشك –كچی خۆی بكات.هەروەها لەدەورەی ساسانیەكانیشدا ژن وەك كەسێك ناوی نەهێنراوە بەڵكو وەكو شتومەك ناوی براوە،هەروەها لەمافەكانی خۆی بێبەشبوە وە لەهەمو رویەكەوە لەژێر سەرپەرشتی پیاواندا بوە(ویل دورانت:1376،922:)وەهەروەها ژن مافی ئەوەی نەبو بێ فرمانی پیاو بكات بەپێچەوانەوە دەبوە هۆكاری دەركردنی لەماڵەوە(كریستیان بارتلمە،34:1337).

بەڵام ژن لەشارستانیەتی مصریەكاندا سەرزەمین فرعەونەكان كەیەكێك بو لە كۆنترین ئەو سەرزمینانەی مێژوی شارستانیەت تێدا دەستی پێكردوە چوار هەزار ساڵ پێش میلاد .اثار مێژوی گرنگی وەكو ئەهرامەكان و پەرەستگای لەپاش ماوەی بەجێماوی ئەوانە(دهخدا،561:1373).ژن رۆڵێكی ئەوتۆی نەبوەلە ناوخێزاندا هەر وەك خزمەتكار سەیركراوە و دەبو ئیشوكارەكانی ماڵەوە ئەنجام بدات ،بە وتەی دكتۆر میخائیل ابراهیم،ژن مافی چونە دەرەوەی لەماڵ جگەلە خزمەت معبودان وە پاشاكان نەبوە(المراة في ظلالاسلام،25)) بەڵام ویل دۆرانت باوەری وایە بارودۆخی ژنان مصری لەم كاتانەدا بەرامبەر بارودۆخی ژنانی میلەتانی تر لە ئیستادا باشتر بوە (ویل دورانت،197:1376).

٢-ژن لە شارستانیەتی عەرەب:

بەوتەی علمای بنچینە ناسی كە بەرێز جرجی زیدان لەكتابەكەیدا باسی لە نسب عەرەب كردوە دەڵێت خەڵكی شبەجزیرە عربستان دابەش بوبون بەدوبەش لە پێش هاتنی ئاینی ئیسلام وە بنچینەیان دەگەرێتەوە بۆ سەر ئەم سێ بنچینەیە.

-عرب بائدە :عەرەب بائدە بەو عرەبانە دەگوترا كە خۆیان نەمابون تەنها ناویان مابویەوە لەو رۆژگارەدا وەكو قەومی عاد-ثمود-طسم-جرهم-عمليق(جرجی زیدان،653:/).

-عەرەب عاربە:بریتین لەو تیرە عەرەبانەی كەلەپشتی(یعرب)ی كوری(یشجب)ی كوری(قحطان)كەوتونەتەوەبە عەرەبی قحطانی ناسراوان (صفی الرحمن المباركفوری،10:2005)كە پێش عەدنانیەكان هاتونەتە شارەوە(جرجی زیدان،653:/)

-عەرەب موستعربە:ئەوتیرانەن كە لە پشتی ئیسماعیل كەوتونەتەوە بە عەرەبی عدنانی ناسراون و تیرەی زۆریان لێكەوتوەتەوەوە وەكو حیمیەر-كەهلان كەئەمانەش لەناو خۆیاندا چەند تیرەیەكیان لێبوەتەوە(صفی الرحمن المباركفوری،10:2005)وە هەروەها لەم ناوچانەدا نیشتەجێبون حیجاز – نجد.ئێمە لێرەدا دەمانەوێت باس كۆمەڵگای عەرەب بكەین لەم كاتەدا كە ژن چۆن ژیاوە و دەوری چیبوە لەكۆمەڵگای عەرەبدا بەرامبەر رۆڵی ژن لەشارستانیەتە جیاوازەكانی تر كە لە لاپەرەكانی تردا باسمان كرد كە بەداخەوە ژن لەكۆمەڵگای عەرەب لەسەردەمی جەهالەتدا بەدەرنەبوە لەكۆیلایەتی و بازگانی كردن پێوەی بەڵام لەهەندێ كاتدا دەتوانین بڵێین ژن ئازاد ی و ئیرادەیەكی سەربەخۆی هەبوە،رێزی لێدەگیرا و لە پێناویدا شمشێر هەڵدەكێشراو خوێن دەرێژرا،ئەگەر پێاو بیویستایە پلەوپایەیەكی باشی لەناو كۆمەڵگادا هەبێت ئەوە دەبوزۆر گوفتاری لەگەڵ ژن بوایە،ئەگەر ژن خواستی لەسەر بوایە خێڵەكانی لەسەر ئاشتی كۆدەكردەوە و بە پێچەوانەش.بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەر پێاو سەرداری ماڵ بو وە خاوەنی بریاری كۆتای بو لەهەڵبژاردنی ژندا دەبو ئافرەت بێدەنگ بێت و لەقسەی كەسوكاری دەرنەچێت و لەژێر چاودێری ئەودا شوی بكردایە ئەمە لەلای پیاو ماقولان بەڵام لە ناو بەشەكانی تری كۆمەڵگەی عەرەب جۆرێك لەتێكەڵاوی لەنیوان ژن و پیاودا هەبو كە گەیشتبوە ئاستی بێ رەوشتی و بەرەڵای هەروەها چەندین جۆری هاوسەرگیری نادروست و زۆرەملێ لەم كۆمەڵگایەدا هەبون كە (ابوداود)لە خاتو عایشە(رض الله عنه)دەیگێرێتەوە كە ژن هێنان لە جهالەتدا چوار شێوە بون یەكێكیان بەو جۆرە بو كە لە ئێستادا هەیە پیاوێك داوای خوشك یا كچی پیاوێكی تری دەكرد و مارەی دەكردو كە دواتر پێغمبەر هات رەتی نەكردوە.وە ژن هێنانی (استبضاع) وە هەروەها جۆرێكی تر لە ژن هێنان بەم جۆرە بو كە كەمتر لە 10پیاو لەگەڵ ئافرەتێكدا دەخەوتن و دواتر كە منداڵی دەبو دەینارد بەشوێن پیاوەكاندا وبە یەكێكیان دەیوت ئەم منداڵە لەتۆیە ئەویش نەیدەتوانی نكوڵی لیبكات.

هەروەها لەكاتی شەردا ئەگەرهاتو كۆمەڵێك بەسەر كۆمەڵێكی تردا سەر بكەوتنایە ژنەكانیایان دەكردە كۆیلەی خۆیان و بۆخۆیان حلالیان دەكردن.

لە سەردەمی جەهالەتدا فرە ژنی سنوری نەبوە دو خوشكیان پێكەوە دەخواست،باوەژنی خۆیان دەخواست كاتێك باوكیان بمردایە یان تەڵاقی بدایە(سورەتی نساء22-23)وە تەڵاقیش بەدەست پیاوانەوە هیچ سنورێكی بۆ نەمابوو.

زینا و بەدرەوشتی زۆر بڵاو بو بەتایبەت ئەم كارەیان لەگەڵ جاریەكاندا دەكردكە ابو داود لە عمری كوری شعیب وە كە ئەویش لە باپیریەوە گێراویەتەوە كەوا جارێكیان پێاوێك هاتە لای رسو الله وتی فلانە كورِ كوری منە كە لەسەردەمی جەهالەتدا لەگەڵ دایكی دروست بوم بەڵام پێغەمبەر)صل الله علیە وسلم)فەرموی هیچ سكالایەك لەو بارەوە وەرناگیردریت بەڵام دەكرێت هەندیك كەسی استسناء كەلەم كۆمەڵگایەدا هەبون وە دواتر رۆڵی بەرچاویان هەبو لەسەرخستنی ئاینی ئیسلامدا باسبكەین وەك خاتو خەدیجە،هەروەها دەكرێت بڵێن دیاردەیەكی تریش لەناو ئەم

کۆمەڵگایـەدا هـەبون وەك زندەبـەچاڵکردنی کچەکان(صـفی الرحمـان المبـارك فـوری،43-44-:2005) کـە لـێرەدا بـاسی دەکەین.

٣-زندە بەچاڵکردن:

لەناوکۆمەڵگەی عەرەب یەك نەریت ناشرین هەبوە ئەویش زندە بەچاڵکردنی کچەکان بو چونکە پێیان وابوە کچ مایەی نەهامـەتی و ڕەنـج بەخەسـاریە کـە ئـەمیش لـەزۆرێك لەسەرچاوەکان باسی ئەم بابەتەیان کردوە کە لەم ناوچەیە بەهۆکاری ئابوری وە زۆرجا بەهۆی ئەوەی کە لە جەنگەکاندا نـەبن بەکۆیلە کچەکانیا زندە بـەچاڵکردوە هەرچەنـد لـە زۆر سەرچاوەشدا باس لەوە کراوە کە گوایە کورانیش لەو پروسەیە بەدەر نەبون لەبەر هەژاری کوژراونبەلام بەهۆی ئەوەی کور کـەمتر تـوشی عـەیب و عاریـانی دەکـرد هـەروەها و بۆجـەنگ پێویستیان بەکور هەبوە کەمتر کورەکان کوژراون.

بـەڵام قورئـانی پـیروز لـە چەنـدین رونکردنـەوەی ئەم رفتارە ناشرینانەی خەڵکی ئەم ناوچەیە باسکردوە و بۆئەوەی ئەم رفتارە سەردەمی جەهالەت نەهێلیتبەبەڵگەی قورئانی پیرۆز کە ئیمە چەند ئایاتێکی سورەتی نحل باسدەکەین

**بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ**

**وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالْأُنْثَىٰ ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ(58) يَتَوَارَىٰ مِنَ الْقَوْمِ مِنْ سُوءِ مَا بُشِّرَ بِهِ أَيُمْسِكُهُ عَلَىٰ هُونٍ أَمْ يَدُسُّهُ فِي التُّرَابِ أَلَا سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ(59)**

لەم دو ئایەتە پیرۆزەدا زۆر بەجوانی باسی لە وە کردوە کە گەر بێـت و کاتێـك هـەواڵی لـەدایك بـونی کـچ بەیـەکێك لەوانـە بدرێ،لەبـەر ئـەوەی پـێی ناخۆشـە،ئەوا ڕوخسـاری ڕەش هەڵدەگرێ و زۆری پێناخۆش دەبێ.

ئەوکەسـەی خەبـەری کـچی پێـدراوە،خۆی لـە قەومەکـەی دەشـارێتەوەو،حەزناکات بـەو خەفاتباریـە و شـەرمەزارییەوە بچێتەلایان،کەبـەهۆی ئەوکچـەی لـەدایك بـوە تـوشی بوە،دۆشـداماوە،نازانێ چ لـەو کچـە بکـات :ئایـا بەزینـدویی بیهێڵیتەوە،کەمایـەی زەبـونی و زەلـیلی و سـوکایەتیە،یا زیندەبەچاڵی بکات؟هۆشیاربن وبزانن،بەراستی خراپترین حوکم وبڕیـارە ئـەوان دەیدەن،کـەکچ بۆخـوا بڕیـاردەدەن و کـوریش بۆخۆیان(بڕاردەیەك لەزانایان،273:2020)(بلوغ الأرب:51:/).

لێرەدا زۆر رونە کە خەڵکی ئەم ناوچەیە لەوکاتەدا هەربەبیستنی هەواڵەکـە کچیـان دەبێـت خۆیـان بەشـەرمەزاری بینیـوە و هەروەها بە سوکایەتی و زەلیلی لیکیان داوەتەوە،ئەم دو ئایاتە پـیروزە پـەردە لەسـەر کـردار مشرکان دەربارەی بیستی ئـەم هەواڵە کە پێیان ناخۆش بوە لادەبات(سید محمد حسین،5:/)

هـەروەها شـایانی باسـە ئـەم بابەتـە لـە جاهلیـت مـۆدێرن بەشێوەیەکی تـر هەیـە و دروسـت بـوە چونکـە لـە زۆرێك لە ولاتان لە ژێرناوی شارستانیەت و پێشکەوتن،ئازادی لەباربردن بەشێوەیەکی قانونی هاتۆتە ئاراوە بە شێوەیەکی زۆر بەربڵاوە.

بەبڕوای سید القطب ،زیانی ئەم فکرە خراپە،تەنها بە ئاگا بون ژن لــە کۆمــەڵگای جــاهلی نیە،بــەڵکو مرۆڤایــەتی لــە کۆمەڵگایەیـەکی لـەو شـێوەدا شـەرمەزارە. ئیهانـە کـردن بـەژن ئیهانـە کردنـە بـە پێکهاتـەی پربایـەخی مرۆڤایـەتی و زینـدە بەچاڵکردنی ئەو ناشرینکردنی خـود مرۆڤ و بەشـێك لـە ژیان مرۆڤایەتیە وە وەستانەوەیە بەرامبەر بە حکمت دروسـتکردنی خوداوەنـد چونکـە خـودا هـەردو ڕەگـەزی دروسـت کـردوە و ڕێزی لێگرتون(سید القطب،2178:1400).

## تەوەری دووەم:

لـەم بەشـەدا بـاسی ئـەو ژنانـە دەکـەین کـەرۆڵیان هـەبووە لـە بانگەشـەی پێغەمبـەریتی محمد(صـل الله علیەوسـلم)بەباشی وەهـەروە ئـەو ئافرەتانـەی کـە بـەخراپی باسـکراون ویسـتویانە ڕونـاکی ئـەم پەیامـەی کەلەرێگـەی جبرئیل(علیەسـلام)بەوەحی دابـەزیوە بـو سـەروەری مرۆڤایـەتی بکوژێننەوە،بـەڵام چونکـە خـودای گـەورە خـۆی ئـەم پەیامـەی نـاردوە و دەیـەوێت بیگەیەنێت بەتەواوی جیهان هەموو خراپەکاران و دوورووەکان نـەیان توانیـوە بـەلارێ دا بـەرن و تائێسـتاش کـەخودی ئـەم پەیامبـەرە لەژیانـدا نـەماوە ،ژمـارەی پـەیرەوانی لەزیادبوندایـەو خەریکە بەتەواوەتی جیهان دەگرێتەوە وە پیشبینیشی دەکرێ

لەداهاتودا سەرتاسەری جیهان پەیرەوی لێبکەن،چونکە ئەم ئاینـە ئـاینی ئیسـلام کاملترین ئـاین و تـەواوترین ئاینـە کـە بـۆ مرۆڤایەتی هاتبێتە خوارەوە .بۆیە هەرلەسەرەتاوە تاوەکو ئێستا ئـەوەی بـەم دینـە ئاشـنای پەیـداکردبێت و خوێندنـەوەی بۆکردبێـت ئیسـلامی قبـولکردوە مەگـەر کەسـانێك کـەخودا ویسـتی لەسـەرنەبووبیت هیدایـەتی بـدات وە قورابانیـەکی زۆر دراوە تـاوەکو ئـەم ئاینـە بـە ئێمـە گەیشـتووە چونکـە نـەیارو بەرهەڵسـتکاری زۆری هـەبووە چ پیـا و چ ژن بـەڵام ئێمـە مەبەستمانە لێرەدا ڕۆڵی ژنان باسبکەین بۆیە دابەشمان کردوە بەسـەر دوو تـەوەر تـەوەری یەکـەم خـاتوو خەدیجـەو هـاو شێوەکانی تەوەری دووەم هاوسەری ابو لهب.

١-خەدیجە یەکەمین ژنی موسلمان:

مێژووی ئیسلام لە مەککەدا بەشێوەیەك لەشێوەکان بـەناوی خاتوو خەدیجەوە پەیوەندی دارە،خەدیجە کچی خویلد بن اسد عبـدالعزی بـن قصی- دەوروبـەری 15سـاڵ پـێش سـاڵی فیـل 555مـیلادی لەشـاری مەککـە لـەدایك بوە،قصی- بـن کـلاب باپیرگەورەی خاتوو خەدیجە،توانی شاری مەککە کۆنترۆڵکردن بکات کە پێشترلەلایەن خزاعیەکانەوە کۆنترۆڵ کرابوو، وە خێڵی قورەیشی- گەیانـدە لوتکـەی سـەربەرزی و سـەربلندی چونکـە پێشـتر قورەیش هەنـدێکیان لـە دەشتایەکان و هەنـدێکیان لە شـاخەکانی ئەوناوچەیـەدا دەژیان،ئـەم پیـاوەتوانی هــەموو

قورەیش یەکبخات لە شاری مەککەو دەوروبەری کعبەی پیرۆز و پێشوازی لێکردنی حاجیان بەقورەیش واجب کرد.

خاتوو خەدیجە هەر زەمانی لەگەڵ بابەتێکدا کۆدەبێتەوە ،لێرەدا خاتوو خەدیجە دەرواتەلای ورقە بن نوفل بن اسدکەکتابی دەخویندەوەو و لە اهل تورات هەندێك شتی بیستبوو،واپێدەچێت بنەماڵەی خاتوو خەدیجە لەرووی رۆشنبیریەوە لەسەرەوەدا بوون،خوداش خۆی دەیەویست ئەم خاتوونە بگەیەنەتە پلەیەکی باڵا لەوسەردەمەدا،ئەو لەروی نەژادەوە باشترین بنەماڵەو لەروی دارایی،باشترین ژنان قورەیش بوو.

خاتوو خەدیجە لەکاتی تەمەنی گەنجیدا لەیەکێك لەشەوەکاندا خەوێکی سەیری بینی وە ورقە بن نوفل تعبیری خەونەکەی بۆکردبوو کە زمانی عبری دەزانی،لەو رۆژەوە کە خەونەکەی بۆتعبیر کرد هیچ کاتێك ئەم خەونە

لەخەیاڵی ئەو دەرنەچوو،خونی بینی خۆرێك لەسەر مەککە جولاو و بەرەو روی زەوی هات نزیکتر بوە لە زەوی

خاتوو خەدیجە سەیری دەکرد تابزانێت بەرەو کوێ دەروات خۆرەکە رۆشتە ناو ماڵی خدیجەوە،کەئەم خۆرە رۆشناییەکی سەرسورهێنەری هەبوو)(یعقوبی،118:1378).

خاتوو خەدیجە لەکاتی پێگەیشتنیدا لەگەڵ عەتیق بن عائدمخروی هاوسەرگیری کرد و کچێکی لێ هەبووە،بەناوی هند بن ابی هالە هەر بەم هۆیەشەوە بو کە خاتوو خەدیجە بەناو ام هند بانگ کراوە ،شایەنی باسە ئەم کچەی خاتوو خەدیجە باوەری بەدینی ئیسلام هێناوە و لە جەنگەکاندا بەشداری کردوە کە دیار نیە ئایا جنگ بەدر بوو یا جەنگی ئوحد هەروەها لە جەنگی جمل بەشداری کردوە و شەهید کراوە لەسوپای امام علی دابوو(ابن کثیر،35:1383)اتووخەدیجە کاتێك گەیشتوتە نزیك چل ساڵان چنێکی بازرگان و سەروەت و ماڵی هەبوە و خاوەن شەرەف بووە،و لەخانوویەکی دوونهۆمیدا ژیانی بەسەربردوە ،غلام و کەنیزەکی هەبوە و لە چواردەوری بون ،ئەم ثروت و پارانەی لە باوکیەوە بۆ بەجێ مابوو هەندێکیش ئەڵێن ئەم ثەروەتەی لە هاوسەرەکانیەوە بۆ بە جێ ماوە.بەڵام بەئەگەرێکی زۆرەوە پێدەچێت ئەم ثەروەتەی لەهاوسەرەکانیەوە بۆ بەجێ مابێت،چونکە خاتوو خەدیجە باوکی پێش جەنگی فجار لەدەست دابوو(مانگی رەجەب لەلای عەرەبەکان حەرام بوو و لەم مانگەدا شەریان نەدەکردبۆیە ناونرا جەنگی فجاری واتە گوناهی کە گەورەبوو بە شێوە ناونرا ئەم جەنگە لەسەر بازرگانی بوو یا لەسەر ژن کەشەرەکە لەنێوان دوکەسدا دەهاتە ئاراوە لە پاشان بەشەری دوو قەبیلە کۆتای دەهات).خاتوو خەدیجە زۆربەی ژیانی لە کاتێکدا دەبردەسەر کە هێشتا ئیسلام پەیدا نەبووبو.

## بنەماڵەی خاتوو خەدیجە:

ئەم خاتوونە بەرێزە جهانی ئیسلام دایکی ئیمانداران،خاونی داوێن پاك (خوالێی رازی بێت)لە خانوادەیەکی عەرەب بەناوی بنی زهرە هاتوەتە دنیاوە.زهرە کوری کلاب کوری مرە کوری کعب بن لؤی یە کەیەکێك بوو لەو بنەماڵە عەرەبانەی بەناوی قورەیش (ابن سعد،133:1405)کە لە مەککەدا نیشتەجێ بوون و بەمیوانداری هەندێکی تر لەگرنگیەکانی عەرەب بەناوبانگ بوون وە هەندێکی تر لە ناودارانمان هەیە وەکو عبدالرحمان کوری عوف و سعد کوری ابی وەقاص لەم بنەماڵە ناودارە(بنی زهرە) هاتوونەتە دنیاوە. هەروەها عالم و فقە گەورەی وەکو محمد بن مسلم زهری لە کەسەناودارەکانی ئەم خانەوادەیە کە یەکێك بوو لە خوێندکارەکانی مکتب امام باقر(ع)و امام صادق(ع) وە فضیلت پاراستنی میراث اهل بیت لەرێگای نوسین و روایەت کردنی احادیث ئەمانە لە فقە و شریعت اسلامی بۆ ئەم دەگەرێتەوە.

بەنظر یعقوبی ،نەسەب خاتوو خەدیجە (ع)لە قصی۔کە باپیرەی چوارەم پێغەمبەری خوایە لەگەڵ رسول خودا یەکدەگرنەوە کە ئەم نەسەبە گەورەیە دەگەرێتەوە بو حەزرەتی ابراهیم پێغەمبەر(علیە السلام)(یعقوبی،118:1378).

باوکی خاتوو خەدیجە:

باوکی خاتوو خەدیجە(علیە السلام)یەکێك بوە لەکەسەدیارەکانی ناو خانوادەکەی خۆی،خویلد بن اسد بن عبدالعزی بن قصی بن الکلاب ناو بوو.(ابن الجوزی،المنتظم،316:1412)(ابوالفرج اصفهانی، علی بن حسین،57).(زبیری،230:/)لەو سەرچاوانەی کەلەبەردەستی ئێمەدایە شتێکی ئێ لەبارەی ژیانی باوکی خاتوو خەدیجەوە نەدرکاندوە،جگەلەئەوەی کە وتویانە خوید پیاوێکی شریف،گەورە،پیاوماقول و سەخاوەت بوە بەڵام هەرئەوەندە بەسە بڵێین کەئەم کەسە کچێکی پاکداوێنی وەکو خاتوو خەدیجەی هەبوە(یعقوبی،21:1378).

دایکی خاتوو خدیجە خدیجە ئافرەتێکی بەرێز بەناوی فاطمە کچی زائدە بن الاصم بن هرم بن رواحە بن حجر بن عبد بن معیص بن عامر لؤی بوو.(یعقوبی،21:1378).

خاتوو خەدیجە(علیە السلام) چەند برایەکی بەناوی نوفل بن خویلد کەباوکی ورەقە بوو،حزام بن خویلد کە باوکی حکیم بوو،عوام بن خویلد کەباوکی زبیر بوو هەبوەە.هەروەها چەند خوشکیشی بەناوی هالە کچی خویلد،رقیە کچی خویلد،خالدە کچی خویلد،(محمد بن حبیب بغدادی،100)طاهرە بکچی خویلد هەبووە(ابن حجر عسقلانی،224:1338).

لەدایك بونی خاتوو خەدیجە :

خاتوو خەدیجە لە باشترین شوێنی دنیا هاتوەتە دنیاوە کەئەویش شاری مەککەی پیرۆزە ،هەروەها لە خانوادەیەکی

بەناوبانگ گەورەبوە و بەپاکداوێنی و بەڕێزو جوانترین ڕەوشتەوە گەورەبو کە بوە کەسێکی نمونەی ناو کچانی عەرەب ،هەروەها لێهاتوو دانا بوە.سەبارەت بەناونانی ئەم خاتوونە باوکی ناوی ناوە خدیجە،هەربە منداڵی نازناوی لێنراوە، چونکە عەرەب عاداتی وابو بۆ ئەوەی منداڵەکانیان ڕێزو هەیبەتیان هەبێت چەند نازناوێکیان لێناوە وەکو (طاهرە)) چونکە زۆر پاکداوێن و مطهر بوە(کحالم،عمر رضا،275:).سەبارەت بە خاسیەتەکانی ڕەوشتی خاتوو خەدیجە دەکری بڵێین خاتوو خەدیجە باوەڕێکی بەهێزی بەخودای گەورە هەبوە،و بەیەقینێکی زۆرەوە خودای گەورەی دەپەرەست هەر لەبەر ئەوش بوو ڕووبەروی ڕق و کینەی قورەیشیەکان بوویەوەچونکە ئەو لە دڵەوە باوەری تەواوی بە پەروەردگار هێنابوو و پەرەستنی بت ی بەکارێکی گاڵتە ئامێزو ناشرین دادەنا و هەروەها یەکەمین کەسێك بوو کەباوەڕی بە پێغەمبەر(صل الله علیە وسلم)هێناوە.

راویان ئەڵێن ،دایکی ئیمان داران بەردەوام ئەم نزایەی دەوتەوە(یاحی یاقیوم،برحمتك أستغیث فأغثنی،ولاتكلنی الی نفسی۔ طرفة عین أبدا،واصلح لی شأنی كلە)کەئەم نیشاندەر ئەوەیەکە خاتوو خەدیجە باوەڕێکی پتەوی بەخودای گەورە هەبوە(مجلیسی ،224:1403).

هەروەها هەر سەبارەت بە خاسیەتەکانی ڕەوشتی ئەم خاتونە بەڕیزە دەکرێت بڵێین خاتوو خەدیجە خاوەن ئیرادەیەکی بەهیز بوو لەکاتێدا باوەڕی بە ئاینی ئیسلام هێنا و بانگەشەی پێغەمبەری بۆ دینی ئیسلام قبول کرد تواوی دارایی و ماڵەکەی خستە خزمەتی ئاینی ئیسلامەوە،هەرچەند روبەروی چەندین مەترسی گەورە لەلایەن بەرەهەڵستکارانی ئەم ئاینەوە بووە بەڵام هیچ گرنگیەکی پییان نەدا بەپێچەوانەوە هەمیشە ئیرادەی خۆی بەهێز دەکرد بۆ سەرخستنی ئاینی ئیسلام،خاتوو خەدیجە لەلایەن پەروەردگارەوە هەڵبژێردرابو لە حدیثیکدا هاتوە لە ابوالحسن یەکەم امام کاظم(ع):خودا لەنیوان ژنان جهان دا چوار ئافرەتی هەڵبژارد کە ئەوانیش،مریم کچی عمران،اسیا ،خدیجە،فاطمە کچی محمد(صل الله علیە وسلم)بوون.(محمد باقر،20:1403).

شایانی باسە یەکێکی تر لەخاسیەتی ڕەوشتی خاتوو خەدیجە ئارمگری بوو لەبەرامبەر ئازارو مەینەتیەك کە دوای باوەڕهێنان بە خودای تاك و تەنها بویەوە،ئارامگرتنی کردە پیشە، لەپاش باوەڕهێنان بەخودای تاك و تەنها ئیتر لەناو بنەماڵەکە ی روبەروی قسەی ناخۆش بوویەو و هەروەها چنانی خزم تەرکیان کرد ،بەڵام خاتوو خەدیجە صبری گرتو هەموو شتێکی بەخوای خۆی سپارد و هەموو ماندوبون و هاوکاریەکانی تەنها لەپێناوی خودای گەورەدابوو..

پاکداوێنی یەکێکی تر بوو لەخاسێتەکانی ڕەوشتی خاتوو خەدیجە،کە راویان هەموویان هاوڕان لەسەرئەوەی کە خاتوو خەدیجە یەکێك بوە لەپاکیزەترین و پاك داوێنترین ژنان ئەو سەردەمەی شاری مەککەی پیرۆز و خێڵی قورەیش کەدوربوە لەهەموو ڕەوشتە ناشرینەکانی ئەو سەردەمە کەباوبوە و و هەروەها بەردەوام وەکو نمونەی چنان ناوی براوە.

دەستکراوەی یەکێکی تربوە لە ڕەشتەبەرزەکانی ئەم خاتونە بەڕێزە بەتایبەت بەرامبەرکەسانی موسڵمان و بێنەوا،قورەیش سەخت ئازار و ئەشکەنجەی تازە موسڵمانەکانی دەدا ، خاتوو خەدیجە ڕۆلێکی گەورەی بینی لە یارمەتیی دانی ئەم کەسانە لەڕوی داراییە وە.

کاتێك پێغەمبەری خوا(صل الله علیە وسلم و بنی هاشم لەدۆڵی ابوطالب زیندان کرابون وە خێڵی قورەیش مەجبوریان کردن لەو دۆلەدا بمێننەوە تا دەمرن هیچ کەس جگەلە خاتوو خەدیجە یارمەتی و هاوکاری نەدەکردن، هەروەها مسوفاتیانی دەگرتە ئەستۆ بەم شێوەیە ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەبوو لە یارمەتی دارایی موسڵمانەکاندا.

خاتوو خەدیجە بەشێوەیەك دەستکراوە بوو لەبەخشینی سەروەت و سامانی لە پێناو ئیسلامد،کە چل مەڕو حوشتری دایە پێغەمبەر کە بۆکۆچکردنی ژنان ئامادەکرابوو(ابن اثیر جزری،215:).

خاتوو خەدیجە یەکێکی تر لە سیفات ڕەوشتی ئەوەبوو زۆر حەزی بەکاری تجارت بوو ،لەم شارەدا دەستی دابوویە کاری بازرگانی و لەئەنجامیشدا ببوە خاوەن سەروەت و سامانێکی زۆر بەشێوەیەك هیچ یەك لە چنانی قورەیش نەگەیشتبون بەم پلە و پایە لەرووی داراییەوە.

سەبارەت بە پلەو پایەی خاتوو خەدیجە لەسەردەمی جەهالتد ا دەکرێت بڵێین لەنێو قورەیشدا پلەوپایەیەکی زۆرباشی هەبوە،هەروەها ئەم خاتوونە بە طاهرە بانگ دەکرا(ذهبی،161:)

خاتو خدیجە و اسلام:

یەکەمین کەس کە ئیسلامی قبولکرد و باوەری بە ئیسلام هێنا لەدوای پێغەمبەری خودا خاتو خەدیجەی هاوسەری بو پێغەمبەر (صل الله علیە وسلم) هەموساڵێك بۆماوەی یەك مانگ دەڕۆشتە دەرەوەی شاری مەککەی پیرۆز و لە ئەشکەوتی حرا بەتەنها دەمایەوە و خەریکی خودا پەرەستی بووە بیری لە دروستکراوەکانی خوداو دروستکاری جهان دەکردەوە وە دەروێشانیش لەم کاتەدا دەهاتنە لای ئەشکەوتی حرا و خواردنیان لێی وەرگرتوە وە پاشانیش دەهاتەوە مککە و حەوت جار طەوافی کەعبەی پیرۆزی دەکر و دەگەرایەوە ماڵەکەی خۆی.ئەمە یەکیك بو لە ڕەوشتەکانی پێغەمبەری خودا کە دەکرێ بڵیین ئەم کارە تەنها خودا خستبویە دلیەوە هیچ

کەسـیك ئـەمری پینەکردبو(رسـول جعفریان،225:1392)تاوەکو کاتی هاتنە خوارەوەی پەیامی پیرۆزی خودا،کە لەم ساڵەدا خاتو خەدیجەی لەگەڵ خۆی بردبـو(طبری،9:1362).بـەم کـارەش دەوترێت(تحنث)واتـە خۆدورخستنەوە لەتاوان(رسول جعفریان،225:1392).

ابـن هشـام دەیگێڕێتەوەکـە پێغەمبـەر فەرمویی(شـەوی 24رمضان خەوتبوم چاوەکانم چوبوە خەوکە جبرئیل (علیە سلام) بەدیار کەوت و نامەیەکی بەدەستەوەبو ئەمری پێکردم و فەرمووی بخوێنە،منیش وتم ناتوانم بخوێنم ئەویش منی گرت و تونـد گوشـیم بەخۆیـەوە وتی بخوێنـە وتـم نـاتوانم بخوێنم،جـاری دوهـەم فرمـانی پێکـردم وتی بخوینـە وتـم ناتوانم،بۆجـاری سـێهەم وتی بخوێنە،لەترسـان وتـم چی بخوێنم؟فەرمویاقرأ باسم ربك اللزی خلق.(1)....پاشان ئەم ئایەتـەپیرۆزەم خوێنـد و جبرئیل(علیـە سـلام)لەلای مـن ڕۆیشتعایشـە ڕەزای خـوای لەسـەربێت فەرمویـەتی کـە هانـەخوارەوەی وەحی لـە ئەشـکەوتی حـرا لەکاتیکـدابوە کـە پێغەمبەر بە ئاگا بوە و نەخەوتوە تەنها سەرەتای پێغەمبەریەتی کە بەدیار کەت لێی بە خەونی ڕاستی بوە کە هەرخەونێکی دەبینـی وەك سـێدەی بەرەبـەیان بـەدی دەهاترسـول جعفریـان،هـ230).بـەڵام لـە کتابی گـوڵاوی سـەرموردا کـە نوسەرەکەی صفی الحمن المبارکفوریە نوسیویەتی دابەزینی وەحی بـۆ پێغەمبـەر لـە شـەوی دوشـەممەی 21ی رمضانی ساڵ(610ز) بوە کە ئەوکاتە تەمەنی پیرۆزی 40 ساڵی قەمەری بوە.پاشان پێغەمبەر بەم ترسەگەورەوە گەڕایەوە بۆماڵ و بە خاتو خەدیجەی فەرموو دامپۆشن لەپاش ئەوەی کەترسەکەی نەما ئەم ڕوداوەی بۆخاتو خەدیجە گێڕایەوەو فەرموی بەڕاستی ئەترسم شتێکم

لێقـەومابێت ئـەویش وەڵامی دایەوە و فـەرموی سـویندبێت بەخوا خوای گەورە هەرگیز سەرت شۆڕناکات، بەڕاستی

تۆ پەیوەنـدی خزمایـەتی بـەجێ دەگەیـەنیت ،یارمـەتی نـەدار دەدەیـت،ڕێز لـەمیوان دەگریت(صـفی الـرحمن المبارکفوری،74:1386)دەکرێت بڵێین کەخاتوو خەدیجە هەر لەسـەرەتای دابـەزینی وەحی بـاوەری بـە پێغەمبـەر هێنـاوە و هەموو قسەکانی ئەوی بەڕاست زانیوە و یەکەمین کەس بوە لە ژنانی عەرەب و هاوکاری کارانی لەسەر خستنی ئیسلامدا. هەروە پێغەمبەر کاتێك دڵتەنگ دەبو هاتەوە لای خاتو خەدیجە و ئارام دەبویەوە بە لاواندنەوەکانی ئەم خاتونە بەڕیزە

## کاریگەری خاتو خەدیجە لە ئیسلام:

خـاتو خەدیجـە یەکـەمین هاوسـەرو یەکـەمین ژنی موسـڵمانە کەیارمەتیە داراییەکانی ببوە هۆکاری دەوڵەمەندی رسول خودا ،وەکو لەسـەرچاوەکاندا باسـکراوە خـاتوو خەدیجـە بـەهۆکاری ئەوە زۆر دەوڵەمەند بوو لە پێش ئوەی هاوسـەرگیری لەگەڵ پێغەمبەریشدا بکات داواکارێکی زۆری هەبوو وە دەوڵەمەندترین ژنی خێڵی قورەیش بوە(ابن جوزی،314:1406)لە پێغەمبەری ئازیزمانـەوە گێراویانەتـەوە کـە فەرمویـەتی( هـیچ سـەروەتێك بەمن سودی نەبەخشی. بە شێوەی سامان و داراییەکەی خاتو خدیجە)هەروەها دارایی خاتو خدیجەی بەکارهێناوە بۆ یارمەتی بێ باوکان و هەژاران.

دەبێ بوترێت کە لەکاتی گەمارۆدانی پێغەمبەرو یارانی لەشیوی ابوطلب ،سـەروەت و سـامانی خـاتو خدیجـە لـە پاراسـتنی بنـی هاشـم دا بـەکارهێنراوە تـا ڕادەیـەك کـە لـە سـەرچاوەکاندا باسـکراوە ابـو طالـب و خـاتو خدیجـە هـەموو سـەروەت و سامانیان بـۆ پارێزگاری کـردن لـە ئـەم خەڵکە و سەرخسـتنی ئیسلام بەکارهێناوە، لەکاتی گەمارۆدانەکەی شیوی ابوطالب دا ،حکـیم بـن حـزام بـرازای خـاتو خدیجـە بـە وشـتر گـەنم و خورمای باردەکرد و بەزەحمەت و ترسێکی زۆرەوە،دەیگەیاند بە بـە بنی هاشـم خـودای گـەورە ئـەم کارانـە خـاتو خەدیجـە ی بەیـەکێك لەنعمەتـە گـەورەکانی خـۆی بـۆ بەنـدە هەڵبژێردراوەکـەی خـۆی محمد( صـل الله علیـە وسـلم)هەژمارکردوە،هەروەها پێغەمبـەری مـەزنیش لـەپای بەخشـندەی و هاوکاریـەکانی خـاتو خەدیجـە بـۆ سەرخسـتنی ئیسلام و رسول خودا هەمیشە بەگەورەی ناوی هیناوە.

دایکی ئیماندارا خاتوو خەدیجە(علیە سلام)ڕۆڵێکی بەرچاوی هـەبوە لەسەرخستنی ئاینی ئیسلام ،لـەدژوارترین و سـەخترین بارودۆخەکانی کەتوشی موسلمانەکان بوەتەوەلەوڕۆژگارانەی کە قـورەیش هـەوڵی ئـەدا ئـەم رونکی دینی ئیسلامە خـامۆش بکات،لەکاتیکدا کەجگەلە ابوطالب و ئەم خاتونە بەڕیزەنەبێت کەپشتیوانیەکی سـەختیان لێدەکرد،هەربۆیە ئایین ئیسلامیش ڕێزێکی زۆری لەخاتوو خەدیجە ناوە و هـەروەها خـوای گـەورە خۆی بە جبرئیلدا لە ڕێگەی وەحی کە بە پێغەمبەری ڕاگەیاندوە کـەخودای گـەورە سـڵاوی لـە خـاتوو خەدیجـە لێکردوە،لەبەرامبـەر ئـەم سڵاوەشـدا ڕۆحی خـاتوو خەدیجـە ئاسـودەبووەو هـەروەها ئـەمیش سـڵاوی نـاردوە بۆخـودا و هـەروەها سڵاویشی___ لـە جبرئیـل کـردوە(ابن حجـر عسقلانی،408:1338).

هـەروەها خـاتوو خەدیجـە ڕەزاو ڕەحـەتی خـوای لەسـەر بێت جێگایـەکی بـەرز و بڵنـدی لەبەهەشـتدا بـۆ دیـاری کـراوە کـە پێغەمبەر (صل الله علیە وسلم) لەلایەن خوداوە ئەم مژدەیەی پێگەیاندوە،پێغەمبـەر فـەرمووی (فرمـانم پێکـراوە کـە مـژدەی کۆشکێکی مرواری بدەم بەخاتو خەدیجە کەلەبەهەشتدا بۆی دروسـتکراوە کـە تێـدا نـەهیلاکی هەیـەو نەماندووبون)(یعقوبی،222:1378)(مجلیسی،7:1403)کەشا عیرێکی لەم بارەیەوە ووتویەتی:

بیت خویلد المکرم        الماجد المؤید المعظم

لها من الجنة بيت من قصب       لاصخخب فيه ولانصب
وهذه صورة لفظ الخبر       عن النبى المصطفى المطهر

هاوسەرگیری خاتوو خەدیجە(علیە سلام)لەگەڵ پێغەمبەری خودا لەکاتێکدا بوکە ئەم خاتوونە گەشتبوە تەمەنی چل ساڵان بو وە پێغەمبەریش تەمەنی بیست و پێنج ساڵان بوە،ابن هشام لەبارەی ئەم هاوسەرگیریوە نوسیویەتی خاتوو خەدیجە سەروەتێکی زۆری هەبوو بەردەوام ئەم سەروەتەی دەدا بەخەلکی کاری بازرگانیان بۆ دەکرد،ویستی لەم جارەدا سەروەتێکی زۆر بنێرێت بۆ بازرگانی و متمانەی بەکەس نەبوو وە دەیزانی جگەلە رسول خودا کەسێکی تر لەمەککەدا ئەمینتر نیە،کەسێکی ناردە لای محمد و پێی وت دەمەوێت شتومەکێکی زۆر بۆشام رەوانەبکەم ئەگر هاتوو قازانجی زۆرم کرد ئەوەی دەمدا بەکەسانی تر ئەیدەم بەتۆ ،ئەوەبو پێغەمبەر (صل الله علیە وسلم ) بە سەروەتەکەی خاتوو خەدیجەوە بەرەو شام بەڕی کەوت،کە غلامەکەی خاتوو خەدیجەی لەگەڵدابوو ناوی مەیسەرەبوو،خاتوو خەدیجە بەپێی گێڕانەوە مێژوویەکان فەرمووی قازانجی رسول خودا دوو هێندەی کەسانی پێشوو دەبێت لەم کاروانە بازرگانیەدا ئەوەبوو دوو حوشتری دەدا بەکەسێك کردی بە چوار بۆ پێغەمبەری خودا(قاضی ابرقوە،1360:170)،

طبری لەم بارەیەوە نوسیویەتی کەلە رواياتی جۆراو جۆرەوە وەری گرتوە کە لەگەڵ گێڕانەوەکانی ابن هشام و ابن سعددا یەکێکن ،بەڵام ابن شهاب زهری گێراویەتیەوە ئەڵێت خاتوو خەدیجە یەکێکی لەگەڵ پێغەمبەری خواد نارد بۆ بازاری حباشە لە تیهامە بۆکاروباری بازرگانی.

لەپاش ئەوەی کە لەم سەفەرە گەرانەوە بۆ مەککە و خاتوو خەدیجە سود و قازانجی زۆری بینی لەم کارەی و امانت پارێزی رسول خودای بینی ،نەفیسەش کەلەگەڵیاندابوو دوو حاڵەتی نامۆی بینی لە پیغەمبەر کەدواتر باسی کرد بۆ خاتوو خەدیجە ،بۆیەخاتوو خەدیجەپێشنیهادی هاوسەرگیری لەگەڵدا کرد وە پێغەمبەریش بەداواکەی ڕازی بوو وە وتی بەمامەکانی حمزە و ابو طالب ئەوانیش ڕازی بوون وە هاوسەرگیری لەگەڵداکرد(قاضی ابرقوە،1360:171).

محمد بن جریر گبری لە ابن عباس وە گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر(صل الله علیە وسلم) خوستگاری خاتوو خەدیجەی لە مامی عمرو بن اسدی خاتوو خەدیجە کردوە چونکە باوکی پیش جەنگی فجار مردبوو(سید علوی،1368:35).

دوای هاوسەرگیری خاتوو خەدیجە لەگەڵ پێغەمبەر(صل الله علیە وسلم بۆماوەی پانزە ساڵ بەئارامی و خۆشی پێکەوە ژیاون ئەم ماوەیە زۆر پیرۆز بوو چونکە ماوەی پێگەیشتن و کامل بونی عەقل رسول خودا بووکە خوای گەورە دەیەویست هەڵیبژێرێت بۆ پەیامێکی زۆر گەورە و پیرۆز،کەئەویش پەیامی ئاینی ئیسلام بوو.لەم ماوەیەد پێغەمبەر لەخاتوو خەدیجە خاوەن حەوت منداڵ بوو بەناوی قاسم،طاهر،طیب هەروەها زینب روقیە،ام کلثومو فاطمە هەرسێ کورەکەی هەر بەمناڵی مردن بەڵام کچەکانی گەیشتن بەدینی ئیسلام و ئیسلامیان قبولکردو لەو پێناوەشدا کۆچی کردوە بۆ مەدینە.(طبری،1362:9)

کۆچی دوای خاتوو خدیجە(رضی الله عنە):

زیاتر سەرچاوە مێژویەکان ،کۆچی دوای خاتو خدیجە لەساڵی دەیەم پێغەمبەرایەتی دەزانن، واتە سێ ساڵ پێش کۆچی پێغەمبەر(صل الله علیە وسلم)و مسلمانان لە شاری پیرۆزی مەککەوە بۆ شاری مەدینە پیرۆز وەهەروەها تەمەنی خاتو خدیجە کاتێك وەفاتی کرد 65 ساڵ بو بەلام بە وتەی بیهقی لە کتاب دلائل النبوە خاتو خەدیجە 50ساڵ تەمەنی بوە(بیهقی،1405:72)ابن سعد کۆچی دوای خاتو خدیجە 35 رۆژ وهەمان ساڵ کۆچی دوای ابوطالب دیاری دەکات() . وە هەندێك لە مێژونوسانی ترکاتی مردنی خاتو خدیجە لە رمضان ساڵی دەیەم پێغەمبەرایەتی ناودەبەن کە مامی پێغەمبەریش(ابوطالب)لەهەمان ساڵ داکۆچی دوای کرد (مقریزی،1420:45)و پێغەمبەریش ئەم ساڵەی بە عام الحزن ناوبردوە واتە ساڵی داباریێی خەمەکان.پێغەمبەری خودا خاتوو خەدیجەی بەدەستی خۆی ناشت بەڵام تا ئەوکاتە نوێژی مردوو واجب نەبوو بۆیە نوێژی لەسەر نەکراوە.(ابن منظور،1404:275).

٣-ام سەلەمە:(ام المؤمنین):

ام سلمە ناوی هند کچی حزیفە کوڕی مغیرە کە ناونرابو بە ام سلمەةدایکی عاتکە کچی عامر کوڕی ربیعە کنعانیە. هاوسەری یەکەمی ابو سلمەبو عبداللە کوڕی عبدالاسد مخزومی کە چوار منداڵی بەناوەکانی سلمە،عمر،درە و زینب بۆهاوردە دنیا.

ام سلمە و هاوسەری یەکەمین هاوسەربون کە پێشوازییان لە دینی ئیسلام کرد و بەگیان ئازارەکانیا کری.

ام سلمە هاوسەری ابو سلمە یەکێك بو لەو ئافرەتە بەرێزانەی کە هەوڵێکی زۆری بۆ سەرخستنی دینی ئیسلام داوە وە لەوپێناوەشدا قوربانی زۆری داوە و توشی ئازاری دابڕانی لەمندالی بوە و هەروەها هاوسەرە بەرێزەکەشی کە (ابوسلمە)بو و زۆری خۆشدەویست هەرگیز پشتی تێنەکردوە لەخۆشی و ناخۆشیەکانی ژیان لەدەستداوە و گەیشتوە بە پلەی شەهیدی.ام سلمە یەکێك بو لەوکەسانەی کە لەگەڵ هاوسەرەکەی کۆچی کردوە بۆحەبەشە و کە گەرایەوە بۆمەککە کۆچی کرد بۆ مدینە دوای ئەوەی کە هاوسەرەکەی کۆچی کرد بۆ مەدینە پاش ساڵیك ،خزم وکەس وکاری ابو سلمە کورەکەیان لێ سەندەوەو نەیان داپێی (ام سلمە) ئەسیر بو لای قەومەکەی خۆی بنو مغیرە.هەمو رۆژێك دەرۆیشتە

سحرای (أبطح) ی شاری مەككە و دەگریا تا شەوی بەسەردا دەها بەمجۆرە ئازاری لەدەستدانی منداڵی بینی تاماوەی ساڵێك لەپاشان یەكێك لەخزمی خۆی بەزەیی پێدا هاتەوەو وتی ڕێگە بدەن بابروات بۆلای هاوسەرەكەی و بە واسطەی ئەو منالەكانیان پیدایەوە لە پاشان بەرێكەوت تا لەڕێگەدا كە گەیشتە ناوچەی (التنعیم) (عثمان بن طلحە بن أبی طلحە) كەلەحاڵی تێگەیشت بەڕێی كرد تاوەكوگەیشتنە مەدینە،كاتێك سەیری قباء كرد پێی وت :پیاوەكەت لەوگوندەدایە،پشت بەخوا بڕۆناویەوە،ئنجا خۆی بەرەو مەككە گەرایەوە(صفی الرحمن المباركفوری،2007:179-180).

لەراستیدا ئەگەر ام سلمە باوەری بە دین حنیف نەهاوردبێت نەیدەتوانی ئەو مەودا زۆرەی نێوان شاری مەككە و مەدینە لەگەڵ منالێكی تەمەن كەم بەڕێ بكات و بیر لە مەترسی گیانی نەكاتەوە و بۆێری وای هەبێت.قرانی پیروز لەسورە حج دا باسی لەگەورەی مهاجرین لە پێناوی خودا كردوە وهفەرمویەتی ئەو كەسانەی لەو ڕێگایەدا دەمرن شەهیدن(والزین هاجروا فی سبیل اللە ثم قتلو او ماتو،58)

بەگوێرەی گێرانەوەی ابن هشام و ابن سعد یەكەمین كەس بو لە كۆچكەران كە یەك ساڵ پێش پەیمانی عقبە بە شاری مەدینە كۆچی كردوە بەڵام بلازری بە سێیەم مهاجر لەدوای مصعب بن عمیر و ابن ام مكتوم داناوە(رسول جعفریان،1392:402).

پاش گەرانەوەی ام سلمە و منالەكەی بۆلای ابو سلمە لەپاڵ یەكدا بەخۆشی گوزەرانیان دەكرد ام سلمە ڕۆژێك بە ابو سلمەی وت بیستومە كە ئەڵێن ئەگەر بێت و ژن و پیاوی مؤمن لەدوای مردنی هاوسەرەكانیان ئەگەر بێت و هاوسەری تازە هەڵنەبژێرن بۆخۆیان لە بەهەشتیشدا دوبارە دەگەڕێنەوە بۆلای یەكتری بۆیە با ئێمەش پەیمان بدەین دوای یەكتر هاوسەر تازە بۆخۆمان هەڵنەبژێرین)

ابو سلمەش كە زۆر ام سلمەی خۆش دەویست زۆر بەم قسەیە خۆشحاڵ بو،بەڵام چونكە چونكە دەیزان بەهۆكاری بەشداری

كردن لەجەنگ و بە دڵنیاییەكی زۆرەوە شەهید دەبیت وە هەروەها واتای خۆشویستنی بەرزتر لەوە دەزانی كە هاوسەرەكەی پەیمان دراو بكات بە تەنها مانەوە،بە پێچەوانەی پیاوان،دەمارگیری جاهلیت كەنارخست وە پێداگیری كارانە لە هاوسەرەكەی خواست چونكە لە دنیا دەڕوات ،ام سلمە بەیەكێكی تر لەخۆی چاكتر هاوسەرگیری بكات،وەلەم خواستەشدا هێندە پێداگری كرد تا ئەوەی دوعای كرد(خودایە ام سلمە لەپاش من بەپیاوێكی باشتر لە من بە هاوسەری بدە پیاوێك كە ئازارو ئەزیەتی نەدا).

ابو سلمە چونكە لەپێشتر لەجەنگ احد بەسەختی بریندار ئەبێت مەلهەم و چارەسەرەكان سودی نابێت بۆیە شەهید دەبێت و ام سلمەش بیر ئەو قسانەی دەكەوێتەوە كەفەرموی خدایا ام سەلەمە لەمن باشتر بە شوبدە بەڵام بەهۆی ئەوەی تەمەنی زۆری كردبو كەس لەخۆی ڕانەبینی بەهاوسەری قبول بكات جگە لە ابوبكر و عمری كوڕی خطاب (رضی اللە عنە).بەڵام پیامبەر اكرم كە گوێی لەو قسەیە بو داواكاری لێكرد بۆ خۆی كە بە هاوسەری قبول بكا ت بەڵام داواكاری ابوبكر و عمری خلیفەی مسلمانانی قبوڵ نەكرد بەڵام هیچی پێنەوترا لەبەردەم داواكەی پیامبەر تەنها وتی من ئافرەتێكی بەتەمەنم بۆئەوەی كە ڕەنگە بەم بەهانەیە پیامبەر (صل اللە علیە وسلم ) لەو خواستنە پەشیمان بێتەوە بەڵام پە بە پێچەوانەی ژنان ئێستا ضعفی خۆی لەو بوارەوە باسكرد و باشیەكانی خۆی باسنەكرد یامبەری اسلام وەڵامی دایەوەو فەرموی من لەتۆبەتەمەنترم لەپاشان هاوسەرگیری لەگەڵداكرد.

ئەم خاتونە بەڕێزە یەك ژن دنیادیدە و قسەزان و لیهاتو بو وەك دەبینین دوای وەفات رسول خدا لەو فیتنە و ئاشوب گێریەیەی كەلەنێوان مسلمانان پەیدابو كاتێك خاتو عایشە هاتەدەرلەماڵ لە جەنگ (جەمەل)نێوان علی كوڕی ابوطالب و هەروەها معاویەی كوڕی ابو سفیان ئامۆژگاری خاتو عایشە(رض)دەكات كە بگەڕێتەوە ماڵەوە بەشێوەیەكی خوشكانە ودۆستانە و ئایەتی پیرۆزی احزاب ئایاتی ژمارە(33)بیردەخاتەوە سەبارەت بە مانەوەی ژنانی پێغەمبەر لەماڵەوە. سەرەنجام دەتوانین بڵێینكە ئەم خاتوە بەڕێزە یەكێك بوە لەو كەسە بەتوانانەی كە كەڕۆلی گەورەی هەبوە لەپاراستنی یەكڕیزی نێوان موسلمانان و تاریخی ئیسلامی ئەو گەواهیدانەیە وەكو ئەوكاتەی ساڵی شەشەمی هجری كە ڕوداوێك لە نێوان ژیانی موسڵمانەكاندا ڕو ئەمەش داستانی (صلح حودەیبیە) بوكە هەزار و پێنج صدكەس بە شمشێرەوە وە هەروەهابە حەفتا حوشتر بۆ قوربانی كردن لەگەڵ پێغەمبەر دا بونبۆ فتح كردنی شاری مەككە ی پیرۆز خێڵی قورەیش( سهل بن عمر )یان لەگەڵ دوكەسی ترەوە ناردە خزمەتی پەیامبەر(صل اللە علیە وسلم) پەیمانیان دا ئەگەر ئەو ساڵە مسڵمانەكان بە شمشێرەوە نەیەنە ناو مەككەوە تاوەكو عەرەب نەڵێت مسلمانەكان بەزۆر هاتنە ناومەككە ساڵی ئایندە دەتوانن بێنە ناو مەككە،پێغەمبەریش بە وحی خودای و بۆ ئەوەی كە خوێنی موسلمانەكان نەڕشێت ئەم داوایەیەی پەسەندكرد،چونكە خێری موسلمانەكان لەوەدا بو كە بڕۆنە ناو حەرەمی پیرۆز بەبێ خوین ڕێژی و شەڕ.بەڵام موسڵمانەكان زۆر نارەحەتبون بەم بڕیارەی رسول خودا و كاتێك فرمانی كرد بەموسلمانەكان سەریان بتاشن و قوربانی بكەن گوێڕایەڵیان نەكردن سێ جار ئەم فرمانەی دوبارە كردەوە بەڵام كەسیان گوێڕایەڵیان نەكرد ئەوەبو لە پاش ئەمە ڕۆیشتە

لای ام سلمەی هاوسەری کەلەم سەفەرەی دا لەگەڵی بوو،ام سلمە پرسیاری لێکرد کە بۆچی ئاوا تورەیە پیغەمبەر (صل الله علیە وسلم) دوای چەند خولەکێك وەڵامی ام سلمەی دایەوە ئەم بابەتەی لەگەڵدا باسکرد و فەرموی: موسڵمانان ماندو بون فرمانم پێکردن سەریان بتاشن و قوربانی بکەن بەڵام بێ فرمانیان کرد.ام سلمەش لەخزمەتی رسول خدا فەرموی تۆ زۆر پێداگریان لەسەر مەککە تەحەمولکردنی ئەم صلحە بۆ ئەوان کە ئارەزوی فەتح و سەرکەوتنیان هەبو گرانە، تۆ ئەی پێغەمبەر برۆ پێشەوە و بێ ئەوەی قسە لەگەڵ کەس بکەیت برۆ دەرەوە و ئەم قوربانیە بکە سەری خۆت بتاشە وە پیامبەری ئیسلام بەم پێشنیارەی ام سلمە کاری کرد،موسڵمانەکان کە ئەم دیمەنەیان بینی ئەوانیش هەمان کاری رسو

خودایان ئەنجام دا.ئەم خاتونە بەرێزە لە تەمەنی 84ساڵی و لەساڵی 62هجری کۆچی دوای کردوە،ئەو حەدیثانەی کەلە ام سلمەوە وەرگیراون زیاتر بوە لە 300حدیث پەیامبەری اسلام بوەکە دەربارەی فضائل اهل بیت بون .

### ٣-شەهیدی رێگای بیروباوەڕ خاتوو(سمیە):

خاتو سمیە یەیەکێك بو لەو ئافرەتانەی کە گیانی لە پێناو ئاینی ئیسلامدا بەخت کرد و زۆر کە{ی لەخواترس بو هەرکە موسڵمان بو چرۆی ئیمان و خوداپەرەستی بەزوویی لەدڵیدا چەکەرەی کرد.ئەم خاتونە بەرێزە ناوی سمیەیەی کچی خباز بو کە کەنیزەی ابی حزیفە کوری مغیرە بو.سمیە لەگەڵ یاسر کە هاوپەیمانی ابی حزیفە بو هاوسەرگیری کرد و کورێکی بۆهاوردە دنیاوە بەناوی عمار لەپاشانیش ابی حزیفە خاتوو سمیەی ئازادکرد.خاتوسمیەو کورەکەی لە یەکەمین کەسانێك بون کە ئیسلامیان قبوڵکرد و بونە یەکتاپەرەست،خاتوو سمیە لەگەڵ هاوسەر و عماری کوری کە ئیسلامیان قبولکرد تا ئاخیری گیان فیداکردن روبەروی قریشیە نەفامەکان وەستانەوە و صبریان گرت تا بەپلەی شەهات گەیشتن،چونکە کاتێك رسول خودا بەلایاندا تێپەڕی و ئازار دەدران بەتایبەت خاتوو سمیە لەسەر ئەو لمی صحرای شاری مەککە ،پێی فەرموون((ئەی بنەماڵەی یاسر ئارامبگرن جێگای ئێوە لەبەهەشتدایە)خاتوو سمیە دومین ژن و شەشەمین کەس بو کەلەپێش ئاشکراکردنی بانگەواز موسڵمان بون،ئەم خاتونە رەنگی رەش بوو بەڵام دڵێکی ساف و سپی هەبوو.خاتوو سمیە بەهۆی ئەوەی کە کەنیزەك بو بێ قەوم و کەس و کار بوو لەو شتانەی کە خۆشی بە ژیان دەبەخشێت بێ بەش بوو.

خاتو سمیە بە پەروەردەیەکی دینی زۆر جوان بەخودای خۆی باوەری هێنا ئەگینا چون کەسێك ئاوا دەگاتە قەناعەت کە ئامادەیە سەروەت و سامانی خۆی جگەلەوەش گیانی خۆی بەخت بکات لەبەرامبەر وشەی(لا الە الا الله)لەبەرامبەر دوژمنانی ئەم ئاینە پیرۆزە کەتازە سەری هەڵدابو لەشاری مەککە.

لە رووداوە تاریخیەکانەوە بۆ مان رون دەبێتەوە کە ئەم خێزانە بەرێزە کاتێك ئسلامیان قبوڵ کرد هەواڵی موسلمان بونیان نەك تەنها بە نهێنی نەمایەوە بەڵکو لەسەرانسەری شاری مەککەدا بڵاو بویەوە و بووە مایەی روبەرو بونەی لەگەڵ موشریکەکان،هەروەها رقێکی ئێجگار زۆریان بەرامبەر ئەم خێزانە بەرێزە دروست کرد،وقورەیش و بێ باوەرەکان بەخۆیان دەوت محمد ئارەزوی تۆڵەسەندنەوەی لەلایەن ئەم بەندانەوە لێمان دروست دەکات.و لە دەسەڵات لامان دەدەن،سوێند بە لات و عزا دەبێت تامی مەرگ بەمانە بچێژین و روبەرویان دەوەستینەوە تاوەکو واز لەم ئاینە دێنن و دەگەرێنەوە سەر بیرو باوەری پێشوی خۆیان.

خاتوو سمیە کە ئەوکات ژنێکی پەنجا سالان بوو زۆر هیلاك ببو ،بەدەست کاروباری رۆژانەی ژیان .هێنایانە بەرامبەر گەورەکانی قریش ،ابو سفیان کە زۆر تورە بوو لەوکاتەدا سەیرێکی کرد و بەتورەیەوە وتی تۆ ئەی کەنیزەك یاسیر تۆیشی فریوداوە ،محمد سحر و جادوی لەتۆش کرد.خاتووی سمیەی یەکەم شەهید رێگایی ئاینی پیروزی ئیسلام بەگەورەی و جورئەتێکی زۆرەوە وەڵامی دایەوەو وتی بێدەنگ بە ،نێردراوی ئاسمانی و امینی خودا بەسحرو جادو تۆمەتبار مەکە،کەبەراستی ئەو پەیامبەرو رەحمەتە.

هەروەها هەر ئەم پێغەمبەرەیە کە ئێمە رێنمای دەکات بۆلای پەروەردگار،ابو جهل لەترسی ئەم قسانە دەلەرزی وە لەجێگای خوی جولڵاو قامچیەکی لە جلادێك سەند ئەوەندەی دابەسەر خاتوو سمیە تا لەهۆش خۆی چوو،ابو سفیان دوبارە پرسیاری لێکرد:ئیستا چی دەڵێی؟بێدەنگ بو خاتوو سمیە،دوای فرمانیان کرد عەماریان بەکۆت و زنجیر هێنا،خاتوو سمیە بەدیتنی ئەم دیمەنە پەرێشان بو زۆرخەمبار بوو،سەیرێکی کرد و سوپاس و ستایشی کرد و هیچ گلەی لێنەکرد پاشان

کەوتە رازو نیاز لەگەڵ پەروەردگار،قورەیش ئەم هەمو جورئەت و ئارامگریەیان بینی لەخاتوو سمیە ،هیچ ئومێدێکیان نەما خانوادەیەك بەم شێوەیە لەبەرامبەر ئەو هەموو ستەم و عەزێتە بەو خۆراگریە زۆر سەریان سورمابوو، ئەوەبو ابوجهل کە پێغەمبەر (صل الله علیە وسلم) لەبارەیەوە فەرموی:ابو جهل فیرعەونی ئومەتی محمدە، هێرشی بۆ خاتوو سمیە برد ،و لێی پرسی :ئایا لەسەر هەمان بیروباوەڕ ماویتەوە؟ خاتوو سمیە وەڵامی نەدایەوە چونکە وەڵام دانەوەی بە خراپی دەبینی ، لەکۆتایدا بەتەواوی ئیمانەوە فەرموی خودا چاوەڕوانی ستەمکارانە وە دیداری من لەگەڵ تۆدا رۆژی حساب دەبێت.

ئەبو جهل بەبیستنی ئەم وتانە خرۆشاو هێرشی کردەسەری

رمیكی لەسەر سینەی خاتو سمیە چەقاند ئەوەبو خاتوو سمیەش گیانی لەدەست دا و گەیشت بەكاروانی شەهیدان وە یەكەمین ژن بوو لە پێناو ئاین و بیرو باوەری ئیسلامدا گیانی بەختكرد. لەكۆتا ساتەكانی ژیانی دا هەندێك وشەی پیرۆزی لەدەم هاتەدەرو فەرمویی( ئەی پێغەمبەری خودا لەبەرامبەر ئەم كۆمەڵە گومڕا و دەرچوو لەفرمانی خودا و پێغەمبەرەكەی لای تۆ شكاتیان لێ دەكەم).

گیان لەدەستدانی خاتوو سمیە لە ساڵی پێنجەم پێغەمبەریدا بوو(گوتمان،1373).

## ٤-خاتوو(نسیبە)كچی كعب،ام عمارە:

ئەم خاتونە بەڕێزە یەكێكی ترە لە ئافرەتانەی كەلەژیانیدا یارمەتێكی زۆری پیغەمبەر(صل الله علیە وسلم) داوە و رۆڵیكی باشیشی- هەبوە لەیارمەتیدانی سوپای موسڵمانان لەكاتی جەنگەكاندا لەبەرامبەر نەیاران ئاینی ئیسلام كە ئێمە گرنگە لە ژیانی ئەم خانمە بەڕیزە بكۆڵینەوەو كارەكانی باسبكەین لیرەدا، سەرەتا خاتوو نەسبە كچی كعب كوڕی عمرو لە قەبیلەی مازن بەنی نجارەو دایكیشی- رباب كچی عبداللەكوری حبیب و خوشكی عبدالله بوە.لەزۆربەی سەرچاوەكاندا خاتوو نەسبە بە ام عمارە ناوهێنراوە،هەروەها لەگەڵ زەید بن عاصم لە قەبیلەی بنی نجار هاوسەرگیری كرد و دو كوری بەناوی عبدالله و حبیب هاوردە دنیاوە كە هەردووكیان اصحاب رسول خودا بوون.

ام عمارە یەكێك بوو لەوكۆمەلەی كە یەكەمجار لەگەڵ62 پیاو و براكەی لە پەیمانی عقبەی یەكەم بەیعەتی كرد لەگەڵ رسول خودا ،هەروەها لە بیعت رضوان دا بەشداری كردوە.

ام عمارە لەجەنگی زۆردا بەشداری كردوە لەگەڵ رسول خودا لەبەرامبەر سوپای دوژمن،جەنگی ئوحد،خیبر،بەتایبەت جەنگی لە حنین دەورێكی كاریگەری هەبوە.

خاتوو نەسیبە بەپێی گیرانەوەی تاریخ لەجەنگی ئوحد برینێكی زۆری لێكەوتوە،محمد كوڕی عمر دەڵێت ((ام عمارە كچی كعب لە جەنگی ئوحدا خۆی و هاوسەر و دووكوری بەشداریان كردوە رۆژی یەكەم مشغول ئاو دان بە بریندارەكانی جەنگەكە بوو،لەكاتێكدا كە جەنگەكە لەبەرژەوەندی موسڵمانەكان لایدا و بەهۆكاری بێ فرمانی كردنیپێغەمبەری خوا موسڵمانەكان توشی شكست بوون،خاتوو نەسیبە دەستی دایە شمشێر و بەرگریەكی بێ وینەی لە موسلمانەكان كرد و شمشێرو شتی زۆری بەركەوت و نزیكەی دەبرینی قوڵی بەرجەستەی كەوت كەتاوەكو كۆتای عمری جێگاكەی دیاربوو.

هەروەها ام سعید كچی ربیع لەسەر زمانی خاتوو نەسیبە ئەم روداوە بۆمان دەگیڕێتەوە(بەیانی زوو بەرەو ئوحد بەرێكەوتم،كوندەیەك ئاوم پیبوو،بینیم رەسول خودا لە نێوان یاران و موسڵمانەكاندا بوو،كاتێك هەواڵ گەیشت موسڵمانەكان شكستیان هێناوە و یاوەرەكانیشی- هەڵهاتن ،خۆمم گەیاند بە پێغەمبەری خودا،وەكوندە ئاوەكەم فرێداو دەستم كرد بە روبەرو بونەوەی دوژمن،هەندێك جار بەشمشێر و هەندێك جار بە تیر دوژمنانم لە پێغەمبەر(صل الله علیە وسلم)دوردەخستەوە تا ئەوەی كە لاشەم برینێكی زۆری لێ بەدیاركەوت).

ام سعید لە درێژەی گێرانەوەكەیدا ئەڵێت:برینێكی قوڵم بە گەردنی ام عمارەوە بینی وتم ام عمارە ئەم برینە قوڵەچیە بەگەردنتەوە ئەویش وەڵامی دایەوە وتی،ابن حمیە،لەكاتێكدا كە یارانی پێغەمبەر لای پێغەمبەریان چۆلكرد ابن حمیە هاواری كرد محمد پێشانم بدەن،چونكە ئەگەر ئەو رزگاری بیت ئەوا من لیرە بەزندووی نارۆم،مصعب بن نمیر لەگەڵ هاورێكانیدا پێشیان پێ گرت،لەكاتێكدا منیش لەنێوانیاندابوم،ابن حمیە یەكەمین ضربەی وەشاند بەر من كەوت،منیش چەندضربەم لێوەشاند بەڵام ئەم دوژمنە ضرەی پۆشیبوو.

هەروەها ئەم خاتونە بەرێزە لەگەڵ هاوسەر و دووكوری لەجەنگی ئوحدا بەشداربوون نەك تەنها لە پشتی شەرەوە خەریكی كاروباری سوپای ئیسلام بوو بەڵكو لەمەیدانی شەریشدا بەبێ قەڵغان وتەنها شمشێر بەرگری لەخۆی و پێغەمبەری خودا كردوە كە ئەمەش نیشانەی لێهاتوی و كارامەیی ئەو لە شەڕدا بووە.

ضمرە كوری سعید مازنی لە ووتەی بابەگەورەیەوە دەیگێرێتەوە بۆمان كە(لەپێغەمبەری خودا گوێبیست بوە كە فەرموویەتی جێگاو پلەی نسبە لە جێگای فلان و فلان كەس(هەندێك لە صحابە پایەبەرزەكان) بەرزترە خۆم بینیم كە ابن حمیە دای لەگەردەن ام نەسیبە، ئەو شەوە لە حمراء الاسد مانەوە و برینی بریندارەكانی شەرەكەمان تیمار دەكرد تاوەكو بەرەبەیان ،لەپاش ئەوەی رسول خودا گەڕایەوە بۆشاری مەدینە پێش ئەوەی بگات بەجێ عبدالله بن كعب ی نارد تاوەكو بارودۆخی نسیبەخاتوون بزانێت پاش ئەوەی هەواڵیان پێدا كە تەندروستی باشە پێغەمبەر(صل لله علیە وسلم )دڵخۆش بوو.

خاتوو نەسیبە یەكێك بو لەخانمە لێهاتوەكانی مەیدان جەنگ و وا پێدەچێت شارەزاییەكی باشی هەبێت لە هونەری جەنگیدا،وەكو دەبینین بە پێی گێرانەوە مێژوویەكان لەدوای كۆچی دوای رسول خودا بەشداری لەجەنگی یەمامەدا كردوە و حقی كوشتنی كورەكەی لە دوژمن سەندوەتەوە بەهاوكاری موسڵمانان و ابو دجانە،كەخاتوو نەسبە لەهەمان جەنگدا دەبێت كە دەستی راستی دەبریت.

بەم جۆرە دەبینین ژن لەم سەردەمە بەشداریان لەجەنگ كردوە وەهەروەها رۆڵیكی گرنگیان گێڕاوە لە هاوكاری كردنی

سوپای ئیسلام لەو سەردەمەد ئەمەش بەشێك بوو لە ژیاننامەی ئەم خاتوونە گەورە کە پێویست ئێمەی موسڵمان شانازی پێوە بکەین(گوتمان،1373)

## تەوەری سێیەم:

## هاوسەری ابی لهب(ام جمیل):

یەکێك لەو ژنانەی کە لەتاریخ مرۆڤایەتیدا رۆڵێکی خراپی گێراو زۆر ئازار و زیانی هەبو بۆ سەر پیامبەری اکرم ام جمیل هاوسەر ابو لهب بو هەردوکیان بەشدار بون لەو رۆلە خراپەدا قورئانی پیرۆز لەسەر ام جمیل هاوسەر ابو لهب بەباشی ناوی نەهێناوە و بە حمالة الحطب ناوی بردە(اروی)کچی(حرب)کوری (أمیە) و خوشکی ابو سفیان بوە.ژنێکی دەم پیس و زمان سلێتەبوە وەهەروەها درۆی بەدەم پێغەمبەری ئیسلامەوە دەکرد، هەروەها شەڕی لە دژی دەوروژاند و(و ئەمەش بەبەڵگەی قورئانی پیرۆز سورە المسد وە ئەم ئافرەتە دوژمنایەتی پیامبر اکرم(صل اللە علیە وسلم )دەکرد و قسە و گوفتارەکانی پیامبەری دەبرد بۆ دوژمنان و هەروەها درك و داری دەخستە بەر پێی پیامبەر و یەکێك بو لەوکەسانەی زۆر ئازاری پیامبەری داوە بەگفتە و کردارەکانی (علی بن ابرهیم،448:1404)(صفی الرحمن المبارکفوری،1012007).

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

**{تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ*مَا أَغْنَىٰ عَنْهُ مَالُهُ وَمَا كَسَبَ*سَيَصْلَىٰ نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ*وَامْرَأَتُهُ حَمَّالَةَ الْحَطَبِ*فِي جِيدِهَا حَبْلٌ مِّن مَّسَدٍ}**

واتە:بەناوی خودای گەورە و بەخشندە

دەستەکانی ابو لهب توشی زیان **بێت** بەدبەخت بێت،لەبەرئەوەی ئازاری پێغەمبەری خوا محمد(صل اللە علیە وسلم)ی داوە،ئەوەبو، ئەبو لهب توشی زیان بو.

ماڵ و سامانی کورەکەی ،هیچ سودی نەبو بۆی دادی نەدا،ئەو دورە،نەیتوانی هیچ شتێ لەعەزابی خوای لێ لابەن،کاتێ عەزابەکەی بەسەردا دابەزی(2)

خۆی و ژنەکەی دەچێتە ئاگری دۆزەخی بڵێسەداری هەڵگیرساوەوە(3)

ئەو ژنەی ،کەدرکی هەڵدەگرت و فڕێی دەدایە سەر ڕێی پێغەمبەر(صل اللە علیە وسلم)بەمەبەستی ئازاردانی(4)

گوریسێکی پتەوی ئەستوری زبر و زوری لەگەردن دایە،کەبەهۆیەوە لە ئاگری دۆزەخ بەرزەدەکرێتەوەو،لەپاشانلەبەرزیەوە فڕێ دەدرێتە خوارەوە(5)(بژاردەیەك لە زانایان،603:2020).

کاتێك ام جمیل بیستی لەبارەیەوە قورئان هاتوەتە خوارەوە هات بۆلای پێغەمبەر(صل اللە علیە وسلم ) کەلەناو مزگەوتی کابەدا دانیشتبو،ئەبو بکری صدیقیشی لەگەڵدابو،پڕبەدەستی بەردی پێبوو،هاتە سەرسەریان و وەستا چاوی دەگێڕا بۆ پێغەمبەر،جگەلە ئەبوبکر کەسی نەبینی،وتی:ئەبوبکر:کوا هاوەڵەکەت؟

بیستومە گوایە قسەی پێوتووم،سوێندبێت شاعیریشم ،ئەمجا ئەم شعرەی وت:

مذمما عصینا وأمره أبینا ودینه قلینا

پاشان ڕۆیشت،ئەبوبکر فەرموی ئایادەزانی تۆی نەبینی ،پێغەمبەریش فەرموی نەیبینیم ، خوای گەورە لەئاستی مندا کوێری کرد(صفی الرحمن المبارکفوری،101-102:2007)

ئەم ئایەتانە دەری دەخەن جگەلە رۆڵی خراپی ئەم ئافرەتە لەبەرامبەر پەیامی حق و خوای ناوبراو دوچاری سزایەکی رۆنی بۆ دیاری کراوە وەهەروەها دەیتوانی مسلمانی خۆی رابگەیەنێت لە پاش دابەزینی ئەم ئایەتانە دەربارەی بەڵام چونکە پەیامی حق و راستی ناتوانرێت دەستکاری بکرێت خودا دلی بە کافری و بێباوەری گرێ دابو نەیتوانی بەهیچ جۆرێك کارێکی لەو شیوەیەبکات.

## ئەنجام:

زۆر رونە کە ژنان لە تەواوی دەوران ئیسلامی و لەکاتی سەرهەڵدانی بانگەشەی پێغەمبەرایەتی پەیامبەری ئیسلام کاریگەریەکی دیاریان لە بانگەشەی پێغەمبەرێتی ئەم پێغەمبەرەدا هەبوو، وەهەروەها لە قورئانیشدا لەچەندشوێنی جیاوازدا ناوی ئافرەت هاتوە،لەم بارەیەشەوە قورئان روداوە تاڵ و شیرینەکانی ئەم ژنانە باس دەکات و ئاگاداریان دەکاتەوە لە ئەنجامی کرداری جوان و ناشرینیان، لەڕویەکی ترەوە ژنان وەکو نیوەی پەیکەری کۆمەڵگا،رۆڵی پەروەردەکردنێکی گرنگی کۆمەڵگەی لەئەستۆدایە.چونکە زۆرترینی بەشەکانی پێکهاتەی پەروەردە،لە کاتی منداڵی و لەباوەشی دایکانەوە دروست دەبێ.بەهەمان شێوەخلق اسلامی دەتوانێت لەدروسکردنی ژیانی خێزاندا کە گرنگترین ئەم پەروەردەیە لەڕێگەی دایکانەوە دروست دەبێت ئەنجام بدات،ڕەنگە بتوانین بڵێین کەلە دەورانی کە پێغەمبەر لەمەککە بوو یەکەمین و گرنگترین حضور و رۆڵی ژنان لە بەیعتکردنی موسلمان بو بە پێغەمبەر کەلەیەکەمین بیعت دا ژنان بەشێك بوون لە بەیعەتکاران و بەم شێوەیە و بەشێوەیەکی کرداری هاتوونەتە ناو کرداری سیاسی و کۆمەڵایەتی،هەروەها پێغەمبەر(صل اللە علیە وسلم) هیچ سنورێکی بۆبەشداری کردنی ژنان دیاری نەکردوە.خاتوو خەدیجە بە ناونیشانی گەورەترین پارێزگاری کار و هاوکار پێغەمبەر لەم بەیعەتدانەدالەگەڵی دا بوو،هەروەها خاتوو خدیجە رەزاو رەحمەتی خوای لێبێت بەهاوکاریە دارایەکانی ببوە هۆکاری دروستکردنی ئابوریەکی باش بۆ موسڵمانەکان،چونکە کاتێك موسڵمانەکان لە شیوی ابوطالبدا گەمارۆدرا بوون موسلمانەکان بۆ بەدیهێنانی خواستەکانیان و

دابین کردنی خواردنی ڕۆژانەیان پشتیان بەخاتوو خەدیجە بەستبوو ئەویش هاوکاری تەواوی دەکردن،هەروەها ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لەدابین کردنی دارای بنی هاشم دا.بۆیە خودای گەورە جێگای خاتوو خەدیجەی بەرزنرخاندوە و سلاوی بە جبرئیل (علیەاسلام)لەڕێگەی پێغەمبەردا بۆناردوە.هەروەها دەکرێت لەباسکردنی ڕۆڵی ژنان لەمەککەدا بڵێین ژنان ڕۆڵێکیتریان گێڕا ئەویش بەرگری کردن بوو لە ئاینی ئیسلام بەتایبەت لەسەرەتای سەرهەڵدانی غزوەکان و جەنگەکاندا،هەرچەند ژنان زیاتر حەزیان دەکرد لە جەنگەکاندا ئەم کارانە بکەن وەکو ئاودان بە موسلمانەکان یا چێشت دروستکردن یا چارەسەرو تیمار کردنی بریندارەکان،گواستنەوەی شەهیدەکان،هەروەها هاوکاری پێغەمبەریشیان کردووە،هەروەها بەهێزی بیروباوەر لای ژنان ڕۆڵێکی گەورەی هەبوە لە بلاوکردنەو فراوان بوونی ئاینی ئسلام ،کەدەتوانین خاتوو سمیە وەکو نمونەیەك بۆ بەهێزی بیروباوەر بهێنینەوە کەتاوەکو گەیشت بە پلەی شەهادەت و دەست بەرداری ئاینەکەینەبووکە ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆردرا لەلایەن بێباوەرەکانەوە.

## سەرچاوەکان:


1. قرأن پیرۆز،تفسیر المیسر،بژاردەیەك لەزانایان،وەرگێر،نەوا محمد سعید،هەولێر2020م،چاپی یەکەم.
2. صفی الرحمن المبارکفوری،گوڵاوی سەرمۆر،وەرگێر:بکر حمە صدیق عارف،تهران،(انتشارات احسان)چاپی پینجە م1386.
3. مجلیسی،محمدباقر:بحار الانوار،بیروت،الوفاء،1403.
4. محمودشکری،الالوسی،بلوغ الأرب فی معرفة احوال العرب،بیروت،دارالشرق العربی،بی تا،جلد3.
5. طباطبایی،سید محمد حسین:تفسیرالمیزان،ترجمە:سیدمحمد باقر موسوی همدانی،قم،دفتر انتشارات اسلامی،ج19.
6. ابن حجر عسقلانی،احمد:الأصابە،درأحیاء التراث العربی،1338.
7. القمی،علی بن ابراهیم:تفسیر القمی،صححە و علق علیە و قدم لە طیب الموسوی الجزایری،قم،مؤسسە دارالکتابة1404،جلد2.
8. بیهقی:لأبی بکرأحمد بن الحسین ،دلائل النبوة،1405، بیروت-دار الکتاب العلمیةجلد2.
9. ذهبی،محمد بن احمد،سیراعلام النباء،جلد2.
10. سیدبن قطب بن ابراهیم شاذلی،فی ظلال القران،بیروت،دارالشروق،1400ق،جلد4.
11. مریم نورالدین فضل اللە،المرأة فی ظل الاسلام،ط4،بیروت،دارالزهراء،1405
12. احمد بن اسحاق یعقوبی،ترجمە محمد ابراهیم ایتی،چاپ یازدهم،جلد دوم1378.
13. دهخدا،علی اکبر:لغت نامە،تهران،مؤسسە و انتشارات و چاپگاە تهران،1373.
14. دورانت،ویل،تاریخ تمدن،جمعی از مترجمان،تهران،شرکت انتشارات،علمی و فرهنگی،1376.
15. ابن منظور،مختصر تاریخ دمشقلابن عساکر،بەکوشش روحیە نحاس،جلد دوم،1404ق،دیمشق.
16. ابن جوزی،عبدالرحمان،صفة الصفوة،بەکوشش محمود فاخوری،جلد دوم،بیروت1406ق.
17. ابن کثیر،البدایە والنهایە،بەکوشش علی محمد معوض و عادل احمد عبدالماجود،جلد6،بیروت1383.
18. ابن سعد،محمد،الطبقات الکبری،جلد اول،بیروت 1405ق.
19. زبیری،مصعب،نسب قریش،بەکوشش لوی پرووانسال،قاهرە،دارالمعارف.
20. رسول جعفریان:سیرة رسول خدا،جلد اول،ناشر دلیل ما،1392.
21. جرجی زیدان:تاریخ تمدن اسلام،ترجمە ونگارش،علی جواهیرکلام،جلدچهارم.
22. گوتمان،روی،شاهدی برنسل کشی:گزارشهای دربارە پاکسازی نژادیطدر بوسنی هرزگوین:ترجمە محمود حدادی،نشر اطلاعات،1373.
23. محمد بن جریرطبری،تاریخ طبری،مترجم:ابوالقاسم پایندە،نشر اساطیر،سال چاپ1362گرفتە شدە از: HTTP//KETABMAJJANI.BLOGFA.COM/POST/9
24. نوری،یحیی،حقوق و حدود زن در اسلام،تهران،چاپ مصطوفی،بی تا.
25. نوری یحیی،جاهلیت و اسلام،چاپ چهارم ،تهران،مرکز مطالعات و تحقیقاتی اسلامی،1353هـ،ش.
26. بارتلمە،کریستیان،زن درحقوق ساسانی،ترجمە محمد حسن ناصرالدین صاحب الزمانی،تهران،1337هـ،ش.
27. رفیع الذین اسحاق ابن محمد همدانی مشهور بە قاضی ابرقوە:سیرت رسول اللە،جلد اول ،ترجمە مقدمە و تصحیح:اصغر مهدوی،انتشارات خوارزمی،1360.
28. سید علوی،سیدابراهیم،بعثت پیامبر درتاریخ طبری،مجلە کیهان اندیشە1368،شمارە25.